ئەی کۆمەڵەی ئافرەتان خێر بکەن چونکە پێم نیشاندرا زۆرینەی خەڵکی دۆزەخ لە ئێوەن

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی نوێژی جەژنی قوربان یان جەژنی ڕۆژووشکاندن (جەژنی ڕەمەزن) دەرچوو بەرەو شوێنی نوێژکردن، وبە لای ئافرەتاندا تێپەڕی، وفەرمووی: «ئەی کۆمەڵەی ئافرەتان خێر بکەن چونکە پێم نیشاندرا زۆرینەی خەڵکی دۆزەخ لە ئێوەن»، ووتیان: بۆچی ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: «نەفرەت زۆر دەکەن، وزۆر سپڵەن بەرامبەر مێردەکانتان، وکەم ئەقڵ وکەم ئایندارى نەبینیووە کە دەست بەسەر ئەقڵی پیاوێکی ژیر وهۆشمەند بگرێت وەکو ئێوە». ووتیان: کامە کەمی ئایندارى وئەقڵمانە ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: «ئایا شاهێدی دانی ئافرەت بە ئەندازەی نیوەی شاهێدی دانی پیاو نییە؟». ووتیان: بەڵێ، فەرمووی: «ئەوە لەبەر کەمی ئەقڵە، ئەگەر تووشی سووڕی مانگانە بێت؛ واز لە نوێژ وڕۆژوو ناهێنێت؟»، ووتیان بەڵێ، فەرمووی: «ئەوە کەمی ئایندارییەتی».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ڕۆژێکی جەژندا دەرچوو بەرەو شوێنی ئەنجامدانی نوێژی جەژن، وپەیمانی بە ئافرەتان دابوو بەوەی بەتایبەت ئاموژگاریان بکات، وپەیمانەکەی جێبەجێکرد، وفەرمووی: ئەی ئافرەتان خێر بکەن، وزۆر داوای لێخۆشبوون بکەن؛ ئەمانە لە گەورەترین هۆکارەکانی سڕینەوەی گوناهەکانن، چونکە من ئێوەم بینی لە شەوی شەوڕەویدا زۆرینەی خەڵکی دۆزەخ بوون. ئافرەتێك کە ژیر ودانا وڕێزدار دیاربوو؛ ووتی: بۆچی ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە زۆرینەی خەڵکی دۆزەخین؟ فەرمووی: بەهۆی چەند شتێك: ئێوە زۆر جوێن دەدەن وزۆر نەفرەت دەکەن، وسپڵەن بەرامبەر مێردەکانتان. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەسفی کردن: هیچ خاوەن ئەقڵ ودینداریەکی لاوازی وەکو ئێوەم نەبینیووە زاڵ بێت بەسەر پیاوی ژیر وئاقڵ وبڕیاردەر وخۆگر. ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، بۆچی ئەقڵ ودینداریمان لاوازە؟ فەرمووی: لاوازی ئەقڵ لەوەدایە کە شاهێدی دانی دوو ئافرەت بەهێندەی شاهێدی دانی یەك پیاوە؛ ئەمە بەهۆی لاوازی ئەقڵێتی، ولاوازی دینداری هۆکارەکەی کەمی ئەنجامدانی کردەوەی چاکە کە چەند شەو وڕۆژ نوێژ ناکات بەهۆی سووڕی مانگانەوە، وچەند ڕۆژ لە مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو نابێت بەهۆی سووڕی مانگانەوە؛ ئەمە لاوازی دینداریەتی، بەڵام ئەوان لۆمە ناکرێن ولێپرسینەوەیان لێناکرێت بەهۆی ئەمەوە؛ چونکە سروشتی خوڵقاندنیان بەم شێوەیە، هەروەکو چۆن مرۆڤ خوڵقێنراوە لەسەر خۆشویستنی پارە وسامان و بەپەلەیە لە کاروبارەکانیدا...هتد، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریدا سەبارەت بەم شتانە وەکو ئاگادارییەك بۆ پیاوان لە تووشبوون بە فیتنە بەهۆیانەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10011